ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
100
10 ی کانونی دووەم / جەنیوەری 2025



## گفتوگۆ لەگەڵ:
## خەسرەو سایە
## سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە:
## رووداوەکانی دوای روخانی بەشار ئەسەد و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە بەگشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی!

بۆ لاپەرە ٣



## ئەگەری هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی!
عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٧

## شەرفرۆشی تورکیا و میلیشیا بەکرێگیراوەکانی دژ بە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا مەحکومە!
بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان....لاپەرە ٩

بەشی دووەمی وتاری جەمال موحسین
## جیهانێک لە دژی مێ!.........لاپەرە ١٠

## یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان سەردان و پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی تورکیا!
نوری بەشیر

بۆ لاپەرە ١٢

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



## ڤێرژنی تورکیی حکومەتی هەرێم!
موحسین کەریم

دوای روخانی رژێمی بەشار ئەسەد و باڵادەستیی هێزە ئیسلامیەکانی نزیک لە تورکیا لە دەسەڵاتی سیاسی سوریادا، زەوقی دەوڵەتی تورکیا و ئۆردوگان بۆ گێرانی دەوری زیاتر وەکو یاریزانێکی هەرێمی، دوای دەرپەراندنی ئێران و بێکاریگەرکردنی لە دۆخی سوریادا، زیادیکردوە. ئێستا تورکیا خۆی وەکو یاریزانی سەرەکی دەزانێ لە بریاری سیاسی سوریادا، بۆیە دەیەوێ ئەم دەرفەتە بەفیڕۆ نەدات بۆ فراوانکردنەوەی دەوری خۆی لە عێراق و کوردستانی عێراقدا.

گومان لەوەدا نیە کە تورکیا ساڵانێکی زۆرە لەرێگای پەیوەندیە سیاسی- ئابوری- ئەمنیەکانی لەگەڵ پارتی و بارزانیدا کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئەو ناوچانەی کوردستانی عێراقدا هەیە کەلەژێر دەسەڵاتی پارتیدایە. بێجگە لەوەی دەیان بنکەی سەربازی لەو ناوچانەدا دامەزراندوە، هەرکات بیەوێ هێرشی چەکداری دەکاتە سەر گوند و شارەکانی ئەو ناوچانە بۆ پەلاماردنی هێزەکانی پەکەکە، هاوکات پارتی لە هەموو روویەکەوە بەرژەوەندی خۆی بە تورکیاوە گرێداوەتەوە و نفوزی سیاسی تورکیا بەسەر پارتیدا فەرمانڕەوایە. بەڵام دوای روخانی بەشار ئەسەد چاوی تورکیا تەنها لەسەر پارتی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نیە، بەڵکو چاوی لەسەر سەرجەم هەرێمی کوردستان و بگرە عێراقیشە.

بۆ لاپەرە ٢

# درێژەی..............ڤیرژنی تورکیی حکومەتی هەرێم!

دوای پێچانەوەی دەورو نەخش و نفوزی ئێران لە لوبنان و فەلەستین و سوریادا، ئاراستەی روداوەکان بەو ئاقارەدا دەڕوات کە پووچەڵکردنەوەی کاریگەری سیاسی ئێران لەسەر عێراق هەنگاوێکی داهاتووی ستراتیژی ئەمریکا بێت لە ناوچەکەدا. هەرئێستا فشارەکانی ئەمریکا لە حکومەتی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی هەنگاوێکە بەو ئاراستەیەدا.

دەوڵەتی تورکیا خۆی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا مەلاس داوە کە بە لاوازبوونی رۆڵی ئێران لە عێراقدا دێتەپیشەوە. بێگومان ئەوەی کە تاچ ڕادەیەک تورکیا دەتوانێ جێگای ئێران بگرێتەوە، مەسەلەیەکی ئاڵۆزو مسۆگەر نیە، بەڵام فراوانکردنەوەی دەسەڵات و نفوزی خۆی بەسەر هەردوو زۆنی هەرێم و حکومەتی هەرێمدا ئەو یەکەم هەنگاوەیە کە تورکیا لەئێستادا وەکو ئاکامی روخانی رژێمی بەشار و ئەگەری لاوازبوونی دەوری ئێران لە عێراقدا لێی دەڕوانێت.

تورکیا دەمێکەیە فشاری لەسەر یەکێتی داناوە بۆئەوەی خۆی بدات بەدەست تورکیاوە، بەڵام دوو هۆکار رێگای لەوە گرتووە کە یەکێتی بەو فشارە یاخود بەو داوایەی تورکیا ڕازی بێت. یەکەم؛ یەکێتی لە دابەشبوونە ناوچەییەکاندا لەنیوان ئێران و تورکیادا خۆی لەپاڵ ئێراندا دەبینێ و بەرژەوەندیەکانی لە هەموو روویەکەوە بە ئێرانەوە گریداوەتەوە. ئێران رێگای ئەوەی پێنادات! دووەم؛ تورکیا ئامادە نەبوو هەمان ئەو ئیمتیازەی پارتی بە یەکێتییش بدات! بۆیە یەکێتی لەوە بێئومید بوو کە بە گواستنەوەی بۆ بەرەی تورکیا دەتوانێ هاوسەنگی سیاسی تێکچووی نێوان خۆی و پارتی ڕاستبکاتەوە

ئێستا تورکیا بەمەبەستی ناچارکردنی یەکێتی بۆ ملدان بە فشارەکان و داواکاریەکانی بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە و هەڵپێچانی لایەنگرانی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی، پەنای بۆ رێگایەکی دیکە بردوە. ئەویش کۆکردنەوەی هەموو ئەو هێزانەیە کە کورسی پەرلەمانیان هەیەو دەتوانێ دژ بە یەکێتی و لەناوچەکانی دەسەڵاتی یەکێتی بەکاریان بهێنێ یان سودیان لێوەربگرێت لەژێر چەتری حکومەتێکدا کە پارتی دروستی دەکات. لەماوەی ڕابردوودا لەپاڵ بانگێشتکردنی مەسرور بارزانی کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ تورکیاو کۆبونەوەی لەگەڵ ئۆردوگان و بەرپرسانی باڵای تورکیادا، هەریەکە لە سەلاحەدین بەهادینی ئەمینداری یەکگرتوو لەگەڵ شاسوار عبدلواحیدی سەرۆکی نەوەی نوێ بۆ تورکیا بانگێشتکراون و لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی تورکیادا کۆبونەتەوە. بەوجۆرە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم لەلایەن پارتیەوەو بە بەشداری یەکگرتوو و نەوەی نوێ، ئەو سیناریۆیەیە کە تورکیا بۆی دارشتوون و یەکێتی روبەرووی ئەمری واقع دەکەنەوە.

بێگومان حکومەتی هەرێم بەبێ بەشداری یەکێتی دروست نابێت. بەڵام پارتی دەتوانێ حکومەتێک پێکبهێنێت کە لەڕووی رواڵەتیەوە شەرعیەتی یاسایی و پەرلەمانی هەبێت و ئەوەش وەکو بەڵگەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و دەوڵەتاندا بەکاربهێنێ. بەڵام بەحوکمی واقعیەتی دوو زۆنیی دەسەڵات، جێبەجێبوون و قبوڵکردنی شەرعیەتی ئەو حکومەتەش جێگای مشتومڕ و کێشە دەبێت!

سەرەنجام پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم بەناو گێژاوێکدا تێدەپەڕێت کە تورکیا دەیەوێ مۆری خۆی بدات لە پێکهاتەو کارکردی ئەو حکومەتە و زاڵکردنی نفوزی سیاسی و ئەمنی خۆی بەسەر سەرجەم هەرێمدا لەکاتێکدا هێشتا ئێران نفوزی بەسەر دۆخی سیاسی و بڕیاری سیاسی عێراقدا راگرتوە. ئایا لەم دۆخەدا یەکێتی بەردەوام دەبێ لەسەر ملنەدان بە مەرجەکانی تورکیا کە رەنگە نائارامی زیاتر روبەرووی هەرێم و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی بکاتەوە. یاخود بەرامبەر بە وەرگرتنی ئیمتیازاتێکی سیاسی و پێگەیەکی باشتر لە حکومەتی داهاتووی هەرێمدا ئێستا خۆی رادەست دەکات، لەکاتێکدا لاوازبوونی نفوزی ئێران لە عێراقدا ئەو دەرفەتەی ئێستاشی بۆ ناهێڵێتەوە!


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashty.jamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com



ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 0044(0)7394013135
واتس ئەپ: 0044(0)7394013135
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# گفتوگۆ لەگەڵ: خەسرەو سایە

## سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە:

## ڕوداوەکانی دوای ڕوخانی بەشار ئەسەد و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە بەگشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی

**ئۆکتۆبەر: روخانی بەشار ئەسەد سەرەتای گۆڕانکاریەکی سیاسی گەورەبوو نەک تەنها لە سوریادا، بەڵکو لە ئاستی ناوچەکەدا. چی وایکردوە کە دۆخەکە بەوجۆرەبێت؟ پێگەی جوگرافیای سیاسی سوریایە یان، ئامادەیی یاریزانە جیهانی و ناوچەییەکانە لە سوریا یاخود فاکتەری دیکەیە؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنیاییەوە پێگەی جوگرافی هەر وڵاتێک لەگۆرانکاریەکاندا، ڕۆڵێکی خۆی هەیە، بەلام ئەوەی لەسوریا رویدا، بەشێکە لەدۆخێکی جیهانی و ناوچەیی و ڕۆڵی هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان، کە ساڵانێکە لە کێشمەکێش و ململانێدان.. ئێستا ئیتر ئەوە روونبۆتەوە کەروخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، بەرئەنجامی ڕیکەوتنی لەسەرەوەی هێزە جیهانی و ناوچەیەکانە، پاش ساڵانێکی زۆر لەجەنگ و کێشمەکێش و مونافەسەی میلیتاریستی، لەسەر دوبارەسازدانەوەی جیهان و دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز، بەتایبەتی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. بەواتایەکی تر ئەوەی کە لە سوریا روییدا، بەرئەنجامی شۆڕش و خەباتی خەڵکی سوریا خۆی نەبوو، بەڵکو ڕژێم چەینجێک بوو کە ئەمریکاو ڕوسیا، تورکیا و ئیران و قەتەر و ئیسرائیل و ولاتانێکی تری ناوچەکە لەپشتی پەردەوە لەسەری ڕیکەوتن. ئەمەش بەدوای شەڕی ئیسرائیل لەغەزەو لوبنان و لێدانەکان لە"بەرەی مقاوەمەتی ئیسلامی" و سەرەنجام لاوەکیکردنەوەی ڕۆڵی ئیران و وەکیلە ناوچەییەکانی، فرسەتی دا بە تورکیا وەک هێزێکی ناوچەیی ڕۆڵی سەنتەر چ لەوەلانانی بەشار ئەسەدو چ لەجێنشینکردنی محمد جولانی و هێزێکی وەک "تەحریر شام"دا، کە تائیستاش ناوی لەلیستی تیرۆردا ماوە، بگێڕێت. بەلام ئەمە هێشتا هەموو بابەتەکە نیە، ئەوەی کە سوریای کردۆتە سەنتەری گۆرانکاریەکی فراوانتر لەناوچەکەدا، دۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ئەو گرێ و کێشانەیە کە چەندین دەهەیە بەچارەسەرنەکراوی لەم ناوچەیەدا ماونەتەوە. لەوانە:

یەکەم: سیستەمی ئەمنی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە، کە بەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ئیران و ڕوخانی شا، سەرەرای هەوڵدانی بەردەوامی ئەمریکا بۆ پڕکردنەوەی، بەبۆشایی ماوەتەوە. بەرجەستەبوونەوەی ڕۆڵی تورکیا و ئیسرائیل وسعودیە، لەڕوداوەکانی سوریادا، پاش وەدەرنان و کەنارخستنی ڕۆڵی ڕوسیاو ئیران، ئاماژەن بۆ هەوڵەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بۆ جێخستنی سیستەمێکی ئەمنی لەناوچەکەدا، کەناوی "ڕۆژهەلاتی نوێ"یان خستوتەسەر.

دووەم: مەسەلەی فەلەستین و کورد، وەک دوو کێشەی چارەسەرنەکراو لەناوچەکەدا، بۆتە کارتێکی سیاسی بەدەست دەوڵەتان و هێزە سیاسیەکانەوە، بەجۆرێک کە بەرژەوەندیەکانیان بیخوازێ و بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان بەکاریبەرن و ئەمەش بەرێگاچارەی چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیە، بەخەڵکی ناوچەکە بناسرێت. سوریا وەک ولاتێک لەهەردوو ئەم کێشەیەدا، ئامادەگی هەیە.

سێهەم: قەیرانی سیستەمی حکومەتی، وجودی کۆمەلێک حکومەتی لەرزۆک لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، کە کارامەیی خۆیان لەبەردەم سەرمایەو بازاڕی جیهانیدا لەدەستداوە، لەوانە عێراق، سوریا خۆی، لوبنان، فەلەستین، لیبیا، یەمەن و ئەفغانستان.. ئەم دەوڵەتانە کە نەک هەر ناتوانن ئارامی و ئیستقرار لەبەردەم سەرمایەو بازاری کۆمپانیاکاندا زامن بکەن، بەڵکو خۆیان بوونەتە کانونێک بۆ دەخالەتگەری دەوڵەتانی ترو سەرهەڵدانی دەستەو تاقمی میلیشیایی و تیرۆریست و خودی ئەمەش، سازدانەوەی سیستەمی حکومەتی و پێکهێنانی گۆرانکاری لەم ولاتانەدای کردۆتە بابەتێکی ڕۆژ.

چوارەم: بە روخانی ڕژێمی ئەسەد وەک یەکێک لەپێگەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی، بۆشاییەکی ئایدیۆلۆژی لەجیهانی عەرەبدا پێکهاتوە، سوریا و عیراق و میسر، کە سێکوچکەیەک بون لەجێخستنی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزمی عەرەبی و ساڵانێکی زۆر بەئالای سەربەخۆیی و دژی ئیمپریالیستی و سەرمایەداری دەولەتیەوە، ژیانی خەڵکی لەقاڵبدابوو، ئیستا ئیتر دەلاقەیەکی لەبەردەم سازدانەوەی دەوڵەت و بنەما ئابوریەکاندا، دروستکردوە، بەتایبەتی بەدوای ئەزمونێکی فاشیل کە ئیسلامی سیاسی و دیموکراسیەکی ئەمریکایی لەعیراق و ناوچەکەدا نیشانیان دا .. هەموو ئەمانە ئەو چوارچیوەیەن کەدۆخی سوریا تێدا قەراری گرتووە. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە سوریا بەپێچەوانەی ئەفغانستانەوە، کە ئەمریکا یەکلایەنە توانی پرۆسەی ڕژێم چەینج و جیخستنی تاڵیبان یەکسەرە بەتەنها بباتە پێشەوە و دۆخەکە تێپەرێنێ، بەلام لەسوریادا،

وەک ئەوەی کەچەندین وڵات و هێزی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی بەهەموو ناکۆکی و بەرژەوەندیە جیاوازەکانیانەوە، دەخالەتیان تێدا هەیە، هەروا سادە نیە لەو ئاڵۆزیانەو ئەو نارۆشنیەی تێیکەوتووە، دەربازبکرێت.

**ئۆکتۆبەر: هەیئەتی تەحریری شام وەکو ئەو هێزە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی روخاندبێت و بوویێتە جێنیشینی دەسەڵاتەکەی بەشار. هاوکات دەرکەوتنەکانی ئەحمەد شەرع وا خۆی دەنوێنێ کەگۆراوە و وەک هێزیکی مەدەنی خۆی نمایش دەکات، لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی وەکو فەرەنساو ئەڵمانیاو... وڵاتانی ناوچەکە پێشبرکێی سەردان و کۆبونەوە دەکەن لەگەڵ ئەحمەد شەرعداو وەک سەرۆکی وڵات دەیناسێنن، ئەم هەوڵانە رویان لەچ راستیەکە؟ ئایا ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی سوریا بەرە وکوێ هەنگاو دەنێ؟**

خەسرەو سایە: هەرووەک ئاماژەم پێدا روخانی ئەسەد بەرئەنجامی کردەوە سەربازیەکانی تەحریر شام نەبوو، بەڵکو بەپێی نەخشەو ریکەوتنێکی لەسەرەوەی دەوڵەتان و پشتتێکردنی روسیاو ئەو گورزەبوو کە بەر ئێران کەوت کە بەهۆیانەوە فرسەتی دا بە تورکیا، ئەحمەد شەرع و گروپەکەی بکاتە ئامرازی رژێم چەینج. تەنانەت خودی ئەم پلان و ریکەوتنە لەروی سەربازیەوە هاوکێشەی سەربازی بەقازانجی تەحریر شام گۆری تا بەرەو دیمەشق پێشرەوی بکات. ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر ئەم تاقمە لە وجودی هێزەکانی روسیاو ئێران و پشتیوانیکردنی رژێمەکەی ئەسەددا نەیتوانی لەحەڵەب بەولاوە قاچ درێژبکات. ئەگەر ئەم راستیە قەبوڵ بکەین ئەوا ئەحمەد شەرع لەم پرۆسەیەدا، کراوە بەجێنشین وئەرکی جێخستنی سیناریۆیەکی کۆنەپەرستانەی لەلایەن ئەمریکاو قەتەرو تورکیاوە پێسپێردراوە. نەک وەک ئەوەی کە میدیاکانی دەوڵەتان دەیانەوێت وەک " سەرکردەیەکی گۆرانکاری" مۆری "جێنشین" لەناوچاوانی بدەن.

لەبارەی ئەوەشەوە کە ئەحمەد شەرع زمانی گۆراوە، وەک هەر بەدیلێکی تری بۆرژوازی کە لە سەردەمانی راگوزەردایە، دەبێ بەجۆرێک خۆی لەبەرچاوی خەڵک و رای گشتی جیهانی هەڵخات تا شەرعیەت و مەقبولەیەت وەربگرێ و سەرەنجام دەسەڵاتەکەی جێگیربکات. بەتایبەتی کۆمەڵگای سوریا وەک کۆمەڵگایەکی چینایەتی کە خەڵکەکەی شاری و سکولارە، هاوکات مێژوویەکی خوێناویان لەگەڵ ئەحمەد شەرع و هیزەکەیدا هەیە، بەسادەیی قەبوڵ بکرێ، بۆیە ناچارە زمان و خۆنواندنەکانی بگۆرێ و جەوهەری توندرەوی و تاوانەکانی بشارێتەوە. ئەوەشی کە ئەمریکاو ولاتانی تر کەوتونەتە پێشبرکێی سەردانەکانیانەوە بۆ دیمەشق و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەحمەد شەرعدا وەک سەرۆکی وڵات، ئەلقەیەکی تەواکاریە لەو سیناریۆ کۆنەپەرستانەیەی کە بەسەر خەڵکی سوریادا سەپاندیان. ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژئاوا کە هێشتا ئەحمەد شەرع و گروپەکەیان لە لیستی تیرۆردا دەرنەکێشاوە، لە هەوڵی " بەمەدەنیکردنەوە" و جوانکردنی تیرۆریزمی ئیسلامیدان تا لەژێرناوی " پرۆسەی ئاشتیانەی گوێزانەوەی دەسەڵاتدا" شەرعیەت بە ئەحمەد شەرع و هێزە ئینسانکوژەکەی، چ لەئاستی ناوخۆ و چ لەئاستی دەرەوەدا بدەن و وەک دەسەڵاتێکی "جێنشین" ی رژێمی پێشوو، بەبێ ئەوەی نەخشەو سیناریۆی رژێم چەینجەکەیان لێتێک بچێت، جێگیری بکەن.

لەراستیدا ئەوە ئەحمەد شەرع و تەحریر شام نیە کە" مەدەنی" بۆتەوە و لەبەرگی خۆی هاتۆتەدەرەوە، بەڵکو ئەوە دیموکراسی ئەمریکایی و رۆژئاوایە، بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمرۆیان تیرۆریزمی ئیسلامیان قەبوڵ کردووە و جێگایان بۆ کردۆتەوە.

**ئۆکتۆبەر: جێگاو پێگەی پرسی کورد لە سوریاو هێزەکانی سوریای دیموکرات چۆن دەبینن ؟ ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە دۆخی سیاسی ناوچە کوردنشینەکان و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هەسەدە بەو جۆرە بمێنێتەوە؟**

خەسرەو سایە: سەرەتا دەبێ ناسیونالیزمی کوردو ستەم و مەسەلەی کورد لێک جیابکرێتەوە، بەتایبەتی کە رووداوەکانی سوریا، ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لەهەرچوار پارچەی کوردستان لەدەوری سیاسەتێکی راستڕەوانە و بگرە کۆنەپەرستانە، چالاک کردۆتەوە کە بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی کوردی لەبەرچاوگرتوە، نەک چارەسەری کێشەو ستەمێک کە بەسەر خەڵکی کوردستانەوەیە لەسوریادا. تا ئەو جێگەیەی بەناسیونالیزمی کورد و هەسەدە و ئەوەی پێیدەڵێن ئەزمونی خۆبەرێوەبەری لەسوریادا پەیوەستە، خەریکە ئەو پێگەیەی کە لە سەردەمی داعشدا وەک هێز و مقاوەمەتێک کەجێگای پشتیوانی ئازادیخوازانی جیهان بوو بەرامبەر بەتیرۆریزمی ئیسلامی، لەدەست دەدا و بەرەو ئەو رێزبەندیە کۆنەپەرستانەیە هەڵدەخزێت کە لەرووداوەکانی سوریادا شکڵیگرتووە. رێزبەندیەکی کۆنەپەرستانە کە سەنتەرەکەی دەسەڵاتێکی راگوزەری تیرۆریزمی ئیسلامیە، کە جێگا پەسەندی ئەمریکا و رۆژاوا بێت و نوێنەرایەتی هەژمونی سیاسی تورکیاو قەتەر بکات. هەسەدە کە لەئێستادا بەهاوکاری سەربازی ئەمریکا سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە نەوتیەکانی رۆژهەڵاتی سوریایە، هاوکات خەریکی دانوسانە لەگەڵ هەیئەی تەحریرشامدا بۆ چوونە ناو دەسەلاتەکەی و تەنانەت ئامادەیی پەیوەستکردنی هێزەکانی بەوەزارەتی بەرگری حکومەتە راگوزەرەکەی ئەحمەد شەرعەوە نیشانداوە. ئەوە سەرەرای ئەوەی هەسەدە هەڵوێستێکی راشکاوانەی

بەرامبەر بەو سیناریۆیەی کە ئەحمەد شەرع و هێزەکەی گەیاندە دەسەڵات نیشان نەداوە و زیاتر بەشوێن "لامەرکەزیەت ومافەکانی کورد" و ئیدارەدانی ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەیەتی. بەوجۆرە ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی هەسەدە ئاگاهانە بێت یان نائاگاهانە خەریکە دەبێتە بەشێک لەو هێزە جیهانی و ناوچەییانەی کە هەموو هەوڵێکیان لەئێستادا بۆ شەرعیدانە بەدەسەڵاتی ئیسلامیەکان بەسەرخەڵکی سوریاوە.

ئەوەی داهاتوی ئەم ناوچەیە چی لێدێت، مەعلومە کەوەک خۆی نامێنیتەوە و لەباشترین حاڵەتدا کە ئەگەر فشارەکانی ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیا و بەریتانیا لەسەر تورکیا، بەفیدراڵیزەکردنی سوریا بگات، ئەوا نمونەیەکی لێدەردەچیت کە لەعێراق تاقیکراوەتەوە. بەشێوەیەک لەشیوەکان ئەم نمونەیە دێنێتەوەیاد کە خەڵکی کوردستانی عیراق لەسایەی دەسەڵاتی شیعەکان و پارتی و یەکیەتی و بزوتنەوەی کوردایەتی و بە پشتیوانی ئەمریکا، لەژێرناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، ژیانیان بە دەستەوتاقمی وەک حەشدی شەعبی و مالیکی و حەکیم و عامری وگروپە چەکدارەکانەوە گریدایەوە و مەسەلەی کوردیان وەک برینێک لەشوینی خۆیدا هیشتەوە. بێگومان ئەو نارۆشنی و ئەو ئاڵۆزیەو ئەو گێژاوەی کە لەدۆخی سوریادا هەیە، بەتایبەتی لەغیابی بزوتنەوەیەکی بەهیزی شۆڕشگێرانەی چەپ و چینایەتیدا، ئەزمونی "ڕۆژئاوا" درەنگ یازوو وەک خۆی نامێنیتەوە و ڕووبەڕوی دەسەڵاتە کاتیەکەی ئیسلامیەکان دەبێتەوەو وبەرەوشەڕێکی ناوخۆیی ڕادەکێشرێت. لەحاڵیکدا کە ئەمریکا بە هاتنەسەرکاری ترەمپ دەست لەپشتیوانیە سەربازیەکانی خۆی بۆ هەسەدە هەڵبگرێ و لەسوریا بکشێتەوە. بەلام لەهەموو بارودۆخەکدا، ناسیۆنالیزمی کورد و هەموو ئەو هیز و دەوڵەتانەی دەخالەتیان هەیە لەسوریادا کێشەی کورد وەک کارتێکی سیاسی بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان و ئەوەی لەونیوەشدا زەرەرمەند دەبێتە خەڵکی کوردە لە سوریا.

**ئۆکتۆبەر: جێگاوڕێگای چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز چۆن دەبینن؟ چەپ و کۆمۆنیزم دەبێ چ هەڵوێستێک بگرێتەبەر، تا چارەنوسی کۆمەڵگا بەقازانجی خۆیان بەرەو ڕێچکەیەکی تر بگۆڕن؟**

خەسرەو سایە: کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز، ژنان و لاوانێک کە لەبەهاری عەرەبیدا، بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی پیاننایەمەیدانەوە، جێگایەکی ئومێدبەخش بوون بۆ گۆرانکاری شۆڕشگێرانە و هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی ئاسودە، بەداخەوە بەدەخاڵەتی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان، سەرکوتکراو لەڕەوتی ڕوداوەکانی چەندساڵەدا ڕاپێچی سیناریۆیەکی ڕەشکرا، کەماوەیەکی دەوێت تا قامەتی خۆی لەژێر باری ئەو جەنگ و کاولکاریەی سەپێندرا بەسەرکۆمەڵگای سوریادا، ڕاستبکاتەوە. بەلام بەم حاڵەشەوە من پێموایە هەم جولانەوەی ئازادیخوازی ژنان ولاوان، هەم چەپ و کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کرێکاری لەسوریادا توانای سەردەرهینانەوەی هەیە، بەئاستێک کە لەبەرامبەر ڕیزی کۆنەپەرستان و ئەو سیناریۆیەی هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان بۆیان چنیوە، ڕاوەستێت. بەتایبەتی کە دۆخی ناجێگیرو ڕاگوزەری دەسەلات، فەزایەکی کرانەوەی سیاسی لەبەردەم کرێکاران و بزوتنەوەی جەماوەری و هێزە سکولارو چەپەکاندا پێکهێناوە، کە ئەگەر بەئاسۆیەکی سیاسی و چینایەتی و بە گرتنەبەری تاکتیکی کارسازەوە پێبنێتەمەیدانەوە، دەتوانێت لاپەڕەیەکی تر لەدۆخی سیاسی ئیستای سوریادا هەڵبداتەوە. هاتنەمەیدانی ژنان و لاوان و ئازایخوازان لە یەکەمین هەینی دوای ڕوخانی ئەسەد، بەدروشمی ئازادی ژنان و سکولاریزمەوە بەرامبەر بە ئیسلامیەکان، ئاماژەیەکی سەرەتاییە بۆ توانای ئەم هێزە.

تا ئەو جێگەیەش کە بەڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان دەگەرێتەوە، بەبڕوای من دەبێ لەیەکەمین هەنگاودا دەسەلاتی ڕاگوزەری ئیسلامیەکان، کە جێگای پشتیوانی تورکیاو ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپاو ناوچەکەیە، وەک بەدیلێکی کۆنەپەرستانەی سەروخەڵکی، بەئامانج بگرێ و ڕێگای پێنەدەن شەرعیەت و مەقبولیەت لەئاستی ناوخۆ و جیهاندا وەربگرێ. لەم ڕاستایەشدا دەکرێت جەماوەر هانبدرێ و لەشوراکان و ئەنجومەن و هەر ڕیکخراوەیەکی تری کرێکاری و جەماوەریدا لەخوارەوە و لەشوێنی کار و ژیان، لە سەرتاسەری سوریا پێکبهێنرێن، بەدەستبردن بۆ چەک بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان، بۆ ڕێکخستنی ئیدارەی کۆمەڵگا و دروستکردنی بناغەکانی دەسەلاتی داهاتوو تێبکۆشن. پێگرتنی ئەم بەدیلە دروست وەک بزوتنەوەی ژینا ئەمینی لەئێران مایەی پشتیوانیەکی گەورەی جیهانیەو دەتوانێ هاوکێشەی هێز بەقازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان نەک هەر لەبەرامبەر گروپە ئیسلامیەکاندا بگۆڕێ، بەڵکو لەپشتەوە دەستی دەخاڵەتی هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان ببەستێت. ڕاگەیاندنی حکومەتێکی سکولار، یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو، چونەدەرەوەی هێزی وڵاتان و کورتکردنەوەی دەخاڵەتیان لەسەر چارەنوسی خەڵکی سوریادا، هەڵگرتنی گەمارۆی ئابوری وگەیاندنی خێرای هاوکاری مرۆیی، ڕاگرتنی دیپۆرت و بەزۆر گەڕانەوەی ئاوارەو پەنابەرانی سوری، دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسودەیی بۆ خەڵکی ناوچە کوردنشیانەکان و ڕاگەیاندنی مافی هاوڵاتی یەکسان و ئازادیەکان بۆ هەموو خەڵکی سوریا و دەستڕاگەیشتن بەدەرمان و خۆراک و بوارەکانی ڕاگەیاندن بەخۆرایی، تا هەڵبژاردنی هەموو

پۆستە ئیداریەکان بۆ بەڕێوەبردنی ولات و.. ئەمانە خواستی هەموو کرێکارێکی کۆمۆنیست، هەموو ژنێکی ئازادیخواز و هەر مرۆڤێکی سکولارە و ئەگەر جەماوەری لەدەوریان ڕێکبخرێ و لەبزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەدا ناوەندی شارەکان بگرێ، بەدلنیاییەوە دۆخەکە بەرەو گۆرانکاری شۆڕشگێرانە دەبات.

**ئۆکتۆبەر: کاریگەریەکانی ئەو دۆخەی ئێستا لە سوریادا هەیە، لەسەر عیراق و کوردستان چۆن دەبێت؟**

خەسرەو سایە: بەگشتی گورزێک کە لەئاکامی شەری ئیسرائیل لەغەزەو لوبنان لەنفوزی ئێران لە ناوچەکەدا کەوتوەو خودی ئەوەی کە هێزەکانی لەسوریادا وەدەرنراوە، لەڕووی سیاسیەوە حکومەتەکەی سودانی هێندەی تر لەرزاندووە و پێگەی لایەنە شیعەکانی سەر بەکۆماری ئیسلامی ڕووبەروی تەنگانە و هەرەشە کردۆتەوە، باسی "سیاسەتی هاوسەنگ لەنێوان ئەمریکاو ئێران و ولاتانی ناوچەکەدا" کە رۆژانە سودانی و سەرانی حکومەتەکەی دوبارەی دەکەنەوە ئاماژەیە بۆ کاریگەریەکانی دۆخی سوریا لەسەر عیراق. سەردانەکی ئەم دواییەی خودی سودانی بۆ ئێران، تا پەیامی ئەمریکا بگەیەنێت بەخامنەیی سەبارەت بە بێدەنگکردنی میلیشیاکانی سەر بەئێران و چەککردنی حەشدی شەعبی لەعێراقدا، ڕێچکەی گۆرانکاریەک لەسیستەمی حوکمرانی ئێستای عێراقدا دەخاتەروو کەپێدەچێت سەربکێشێتە هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری یەکیەتی و پارتی و تەنانەت بەرەو هەڵپێچانی هێزەکانی پەکەکەش لەشەنگال، وەک ئەنجامێک لە هاتنەپێشەوەی ڕۆڵی تورکیا لەرِوداوەکانی سوریادا.

بێگومان ئەمریکا نایەوێت دۆخی عێراق تێکبچێت و هەوڵدەدات خواستەکانی ئیسرائیل و تورکیا و دورخستنەوەی پەلامارە سەربازیەکانیان بەرێگای دیبلۆماسی چارەسەرکات، بەلام ئەم هەولانە تاسنورێک بردەکاو بەپێویست دۆخی عێراق لەبەردەم ڕووداوەکانی سوریادا بەناجێگیری و ڕوو لەگۆرانکاری کتوپردا ڕادەگرێ، کەدیارە ئەمەش کاریگەری لەسەر باری ئابوری و کۆمەلایەتی عێراق دادەنێ و ئاسەوارەکانیشی کوردستان دەگرێتەوە.

بەلام بەتایبەتی تر، کاریگەری ڕووداوەکانی سوریا لەسەر کوردستان هەر ئێستا لەئاستی پێکهاتنی کابینەی حکومەتی تازەی هەرێم دەرکەوتوە و ڕیزی حیزبە براوەکانی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەرەو گۆرانکاری بردووە، ئەوەتا تورکیا سەرانی پارتی و نەوەی نوێ و یەکگرتوی ئیسلامی بانگکردووە بۆ ئەنقەرەو لەهەوڵدایە لەدەوری پێشرەویەکانی خۆی لەسوریاو ناوچەکەدا، کابینەیەکی حکومەتی وا لەهەرێمدا ساغبکاتەوە، کەلەژێر دەخالەت و نفوزی خۆیدابێت. ئەم هەولانەی تورکیا لەلایەکیترەوە بەلاخستنی پێگەی یەکیەتی و هەوڵدان بۆ تەریککردنەوەی وەک هێزێک کە لە میحوەری سیاسەتەکانی ئێراندایە، بەرۆشنی بەرچاوە. هەموو ئەمانەش بەهۆی ڕوداوەکانی سوریاو ئەو ڕیزبەندیە تازەیەی کەهێزەکان قەراریان تێداگرتووە، سەری هەڵداوە.

بابەتێکتر پێگەی ناسیونالیزمی کوردە، کە بەدوای ڕوداوەکانی سوریادا، بوعدێکی ناوچەیی وەرگرتوە و بەدوای خۆیدا قەلشت و دابەشبونێکی سیاسی لەنێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەکوردستانی عێراقدا پێکهێناوە، لەسەرێکەوە پارتییە کە ستراتیژی خۆی بەڕۆلی تورکیاوە گرێداوەتەوە، وەک هێزێکی تەواوکەری حکومەتەکەی ئۆردوغان، لەدژی پەکەکەو " ڕۆژئاوا" کەوتۆتە جولەوە. پەیامەکەی مەسعود بەرزانی بۆ محمد شەرع کە گوایە "ڕیز لەمافی کوردانی سوریا دەگرێت" جگە لەوەی ئاماژەیەکە بۆ ڕاوەستانی پارتی لەسایەی سیاسەتەکانی تورکیا وشەرعیەتدان بە تەحریرشام، کە خۆی ئامرازی دەستی تورکیایە، هاوکات هەوڵێکی تری پارتییە بۆ یاریکردن بەمەسەلەی کوردەوە لەسوریادا. بەتایبەتی کە پارتی پشتی ئەنەکەسە دەگرێ و لەژێرەوە خەریکی گەیاندنی هاوکاریە پێیان و لەژێر ناوی " یەکڕیزی کوردانی سوریا"شدا لەهەوڵدایە، هێزێک بەرامبەر بە هەسەدەو پەیەدە لەکوردستانی سوریادا قوتبکاتەوە لەدژی پەکەکە وهاوپەیمانانی. لەبەرامبەر پارتیشدا ئەوە یەکیەتیە کە بەتێزکردنەوەی " پرۆپاگەندەی کوردایەتی و براکوردەکانمان لەسوریا" هەم لەبەرەی ئێران ولایەنە شیعەکانی سەر بەئێران لەعێراقدا، لەدژی تورکیا وپارتی، لەپشتی پەکەکە و" ڕۆژئاوا" وە ڕاوەستاوە تا دەخالەت لەدۆخی سوریادا زامن بکات. بێگومان ئەم دوو ئاراستەیەش دابەشبوونی حیزبەکانی تری لەکوردستاندا بەدوای خۆیدا هێناوە و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێکهێنانی حکومەت وشێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەلگاو مانەوەی قەیرانەکان بەزەرەری خەڵکی کوردستان دادەنێ و ئەوان لەگێژاو و دلەڕاوکێیەکی بەردەوامدا ڕادەگرێ. بەدڵنیاییەوە دۆخێکی ئاوا خەباتی چینایەتی و جەماوەری و خودی حیزبی ئێمەش دەخاتە مەوقعیەتێکی تازەوە...

★

**سەپاندنی هەرجۆرە سیناریۆیەکی سیاسی کۆنەپەرستانە بەسەر خەڵکی سوریادا مەحکومە!**

# ئەگەری هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی!

## عوسمانی حاجی مارف

دوای رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا، کوتلە شیعەکانی عێراق دڵەڕاوکێ لەنێو ریزەکانیاندا زیادیکردوە، بەتایبەتی کەپرسی هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی، مشتومڕێکی بەرفراوانی لە گۆڕەپانی عێراقدا بەدوای خۆیدا هێناوە.لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا روودەدەن گفتوگۆ لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق دەستپێکردووە، ئەمەش وەک بەشێک لە زنجیرەیەک داواکاریی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل.هەرچەندە تائێستا هیچ لێدوانێکی فەرمی حکومەتی عێراق لەسەر ئەو پرسە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام راوێژکارانی سودانی، هەندێک واقیعیەت بەو لێدوانانە دەدەن.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کۆمەڵێک میلیشیا و فراکسیۆنەوە دامەزراون کە لەڕووی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبییەوە پەیوەستن بە عەلی خامنەئیەوە، بوونەتە یەکێک لە کارتە فراوانخوازیەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، هەرچەندە بەناوی شەر لەبەرامبەر داعشدا بانگەوازی بۆ کرا، بەڵام هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەنجامدانی تیرۆر لە دژی خۆپیشاندەرانی ئۆکتۆبەر بەکارهێنران، هەروەها هێزێکە بۆ شەرکردن لە بەرژەوەندی رۆڵی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا رێکخراوە.

بەشێک لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی عێراق، کە سەر بە ئێرانن، چەند رۆژێک پێش رووخانی ئەسەد داوا دەکەن پشتیوانی لە ئەسەد بکرێ، داوایان لە محەممەد شیاع سودانی کردووە کە هێزەکانی حکومەت بنێرێت بۆ سوریا بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ چوونە ژوورەوەی خۆیان لەرێگەی هێزەکانی حکومەتەوە، بۆ پشتگیریکردن لە بەشار ئەسەد. بەڵام سودانی رازیکردون کە دەستتێوەردان نەکەن و دەستبەجێ لە سووریا بکشێنەوە، بۆئەوەی عێراق نەکێشێرێتە ناو شەڕێکەوە، لەکاتێکدا کەڕوسیا دەسبەرداری ئەسەد بووەوە، ئێرانیش هیچی پێناکرێت، کە هەردوکیان روسیاو ئێران هاوپەیمانە متمانەپێکراوەکانی بەشار ئەسەد بوون.

دوای رووخانی ئەسەد، ئەگەری ئامادەکاری بۆ پیلانگێری گەورە هەیە لە بەرامبەر پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراق و لە هەوڵی دارمانی سیستمی سیاسی عێراقدا دەبن. هەروەها واشنتۆن داوای لە حکومەتی عێراق کردوە یەکینەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە، چەند رۆژێک دوای رووخانی بەشار ئەسەد، بلینکن رایگەیاند کە تەنها یەک داواکاریان هەیە ئەویش هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبیە و بەمشێوەیە رووبەڕووی کاریگەریی ئێران دەبنەوە لە سەر عێراق.

بلینکن، سودانی ئاگادارکردوە کە ئیسرائیل بەتوندی بڕیاریداوە بۆ لێدان لە هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق، هەروەها واشنتۆن ئامادەیە هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە بۆئەوەی عێراق نەکێشرێتە ناو ناوەندی ململانێکانی ئێستاوە. ئەمریکا لەسەر ئەم پرسە یەکلابۆتەوە، داوایان لە سودانی کردووە، کە فراکسیۆنە چەکدارەکان ئاگاداربکاتەوە تا هێزەکانی حەشدی شەعبی، جا بە ئیرادەی خۆیان بێت یان بە زۆر، دەبێت حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە.

ئەمریکا ئەوەشی راگەیاندوە کە نەتانیاهۆ بڕیاریداوە ئەو هێزە چەکدارە عێراقیانە بکاتە ئامانج، جا پێشئەوەی ترەمپ دەسەڵات بگرێتەدەست یان دوای ئەوە ئەو کارە هەر دەکات، بۆیە واشنتۆن نایەوێت عێراق وەک ناوەندێکی نوێی ململانێ ببینێت. ! لەهەمانکاتدا بۆئەوەی دەستتێوەردانی تاران لە عێراقدا سنوردار بکرێت.

ئەم پرسە دوای زنجیرەیەک هەرەشەی ئیسرائیل بۆ بۆردومانکردنی ئەو چەکدارە عێراقیانەی کە موشەکیان بەرەو ئیسرائیل هەڵدەدا، هاتە ئاراوە و لە مانگی تشرینی دووەمدا توانیان دوو سەربازی "ئیسرائیلی" لە جۆلان بکوژن. لەم بارەیەوە سودانی کەوتووەتە بەردەم سەرلێشێواویی و قەیرانێکی گەورەوە، بەوپێیەی نە خۆی و نە هیچ سەرۆکوەزیرانێکی تر ناتوانن بەرگەی دەرئەنجامەکانی ئەوە بگرن کە ئەگەر حکومەتی عێراق هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە چی روودەدات؟.

شایانی باسە سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە جگە لە مالکی هیچ لێدوانێکیان سەبارەت بە پرسی هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی نەداوە، مالیکیش دەڵێت بەهیچ جۆرێک حەشدی شەعبی هەڵناوەشێتەوە!، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵ لەسەر ئەو بابەتە، سەرچاوە سیاسییە شیعەکان رایانگەیاندووە، لە کۆبونەوەی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا، ئەم بابەتە باسکراوە، هەندێکیان بەهێمنی رێکەوتون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی.!

هەندێک سەرکردە لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا هەن کە پێیانوایە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، عێراق لە هەر ململانێیەک دور دەخاتەوە، هەروەها دەرفەتێکە بۆ

کەمکردنەوەی نفوزی ئێران لە وڵاتەکەدا، جگە لەوەش سەقامگیری عێراق لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دروست دەبێت.!؟ لەهەمانکاتدا بەشێک لە فراکسیۆنە چەکدارە شیعەکان پشتیوانی لە مالکی دەکەن و ئەم بابەتی هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبیان قەبوڵ نیە، وەها قسەدەکەن کە مەحاڵە حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە، نە بەفەرمانی واشنتۆن و نە بە گوشاری نارەزایەتی جەماوەریش .

لەم بارەیەوە سودانی لە نێوان دوو هەڵبژاردنی تاڵدا گیری کردوە، لەبەرامبەر بریاری ئەمریکا، کە بۆ سودانی سەختە بتوانێ ئەو بریارە جێبەجێ بکات، هەروەها ناتوانێ لەبەرامبەر چوارچێوەی هەماهەنگی و ئێراندا بوەستێتەوە، چونکە هیچ حکومەتێکی عێراقی بەرگەی دەرئەنجامەکانی چوونە ناو ململانێ لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی ناگرێت .

جێگای سەرنجە کە ژمارەیەک سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی شیعەی عێراق دیارنەماون، بۆنمونە قەیس خەزعەلی سەرۆکی عەسائیب ئەهلی حەق ماوەیەکی زۆرە دەرنەکەوتووە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە تیرۆر کرابێت، هەروەها ئەبو عەلا وەلایی سەرکردەیەکی دیار لە لیواکانی سەید ئەلشوهەدا، دیار نەماوە!.

هەرچەندە هیچ ڕاگەیاندن و بەیانامەیەکی فەرمی لەبارەی ئەم پرسەی هەڵوەشانەوەی حەشدەوە لەلایەن عێراق و ئەمریکاوە بۆ بەرزکردنەوەی متمانەی ئەم هەواڵە دەرنەچووە. بەڵام ئەوەی ئیعتباری ئەم هەواڵە زیاتر دەکات، ئەوەی دەیبینین کاردانەوەی سەیر هەیە لە سەر ئاستی سەرکردەکانی لایەنە شیعەکان، کە دوای کۆتایی شەری حزبوڵڵای لوبنان و ئەو سیگناڵانەی سودانی دەیدات، شاهیدی دیارنەمانی سەرکردەکانی حەشدی شەعبین لە میدیاکان و ئامادەنەبوونیانە لە کۆبوونەوەکاندا، کە راستی ئەو هەواڵە دەسەلمێنن.

بەوپێیەی عەلی سیستانی کە باڵاترین دەسەڵاتی شیعەیە لە عێراقدا، هەر خۆشی لە ساڵی ٢٠١٤دا فەتوای دامەزراندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەرکرد، لەم بارەیەوە هەوڵەکان ئاراستەی سیستانی کراوە بۆئەوەی ڕازی بکەن دەستور بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، محەمەد ئەلحەسەن، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دووجار سەردانی سیستانی کردوە، لە مانگی نۆڤەمبەر و دووبارە لە ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دوای کەوتنی ئەسەد، تا سیستانی ڕازی بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، بەڵام تائێستا سیستانی وەڵامی ئەو پێشنیارەی نەداوەتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، سەرچاوە سیاسیە عێراقییەکان ڕایانگەیاندووە، هەمووان چاوەڕێی دەستبەکاربونی دۆناڵد ترەمپن، سەبارەت بە داواکاری واشنتۆن بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی عێراق، تا بزانن چ بریارێک دەردەکات. پێشبینی دەکرێت ئیدارەی نوێی ئەمەریکا فشاری ئابووری و سەربازی بخاتە سەر عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، هەروەها قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت کە ترەمپ هاوکاریە سەربازیەکانی ئەمریکا بۆ عێراق ڕادەگرێت، ئەگەر حکومەتی عێراق کێشەی حەشدی شەعبی چارەسەر نەکات.

باس لە بوونی ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی دەکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کوتلە چەکدارانە و لەناوبردنی چەکەکانیان کە ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان لە عێراق و ناوچەکەدا کردوٚتە ئامانج.

ئیدارەی ئەمریکا بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانن کە سودانی ناتوانێت هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە یان دەستوەردان لە کارەکانیان بکات. چونکە ئەم داوایە پێچەوانەی خواستی ئێرانە و دژایەتی خواستی ئەو لایەنانەیە کە پاشکۆی ئێرانن، دەبێتە شکستێکی گەورە بۆ ئێران و دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراقدا.

کارێک کە سودانی دەتوانی بیکات کرِینی کات و هەوڵدانە بۆئەوەی وەک بێلایەنێک لە نێوان خواستی ئەمریکا و خواستی ئێراندا بوەستێت، میتۆدێکە کە هەموو سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە کاریان پێکردووە. بەڵام پێدەچێت ئەمجارە جیاواز بێت لە جارەکانی پێش سودانی، بەوپێیەی ئیدارەی ئەمریکا ئەمجارە دوای ڕووخانی رژێمی بەشار ئەسەد جدیە لە نەهێشتنی میلیشیا عێراقیەکانی سەر بە ئێران، دەکرێ ئەمڕۆش نۆرەی میلیشیاکانە لە عێراق و پێیانوایە کاتێکی باشە بۆ ئەو کارە.!

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە بریارێکی لەو چەشنە دەبێتە هۆی بوومەلەرزەیەک لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، کە لە ئێستاوە پر لە کێشە و گرفتە، واتە چۆن هێزێکی چەکدار هەڵدەوەشێنرێتەوە کە بە هاوتەریبی سوپا بە پارێزەری دەسەڵاتی شیعە دادەنرێت. هەروەها سەختە بۆ سیستانی بریارێکی لەو شێوەیە بدات، لەبەر زۆر هۆکار؛ یەکەمیان تائیفییە، دووەم لەڕاستیدا بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی قەیرانێکی گەورە لەناو خودی حەشدی شەعبیدا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر حکومەتی عێراق و هەڵبژاردنەکان و دۆخی سیاسی عێراق دادەنێت، لە هەمانکاتدا پاشەکشەیەکی زیاترە بە ئێران.

واتە دەورانێکی تر عێراق دەخاتە ناو گێژاوێکەوە کە هاوتا دەبێت لە گەڵ ئەو گۆرانگاریانەی دوای ئەسەد لەناوچەکەدا پێشدێت، بەدەورو دەستێوەردانی ئەمریکاو ئیسرائیل و تورکیا لە ناوچەکەدا، بەرەو گۆرانکاریەک کە ئایندەکەی چۆن یەکلایی دەبێتەوە لە ژێر پرسیاردا دەمێنێتەوە.

# شەڕفرۆشی تورکیا و میلیشیا بەکرێگیراوەکانی دژ بە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا مەحکومە!

دوای ڕاگەیاندنەکەی ئەردۆگان بەوەی کە هێزەکانی سوریای دیموکرات یان دەبێ چەکەکانیان ڕادەست بکەن یاخود لەگەڵ چەکەکانیاندا دەیاننێژن، میلیشیا بەکرێگیراوەکانی "سوپای نیشتمانی سوریا" بە پشتیوانی فرۆکە و تانک و تۆپخانەی سوپای تورکیا هێرشێکی بەربلاویان بۆسەر ئەو ناوچانە دەستپێکردوە کە لەژێر دەستی هێزەکانی" هەسەدە_ هێزەکانی سوریای دیموکرات"دان لە ناوچەی مەنبەج لە نزیک بەنداوی تشرین. تائێستا، ئەگەرچی هێزەکانی هەسەدە بەرگرییەکی سەخت لە خۆیان و خەڵکی ناوچەکە دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەو هێرشانەی تورکیا و میلیشیا بەکرێگیراوەکانیەوە دەیان هاوڵاتی مەدەنی بوونەتە قوربانی و بارودۆخی نائارامی و جەنگ بەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا سەپێنراوە.

ئۆردوگان و دەسەڵاتە نەتەوەپەرست و فاشیستەکەی، کە لەڕێگای هاوکاریکردنی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکانی " سوپای نیشتمانی سوریا" و " هەیئەی تەحریری شام" ەوە، کە لە دوای دەرپەڕاندنی بەشار ئەسەدەوە لەچوارچێوەی بەندوبەستێکی سیاسیدا لە نێوان جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکاندا، دەسەڵاتی سوریایان ڕادەستکرا، ئەو غرورەی لا دروست بووە کە دەتوانێ بڕیاردەری سەرەکی بێت لە دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا و دیاریکردنی نەخشەی ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا، بۆیە وەکو خاوەنماڵ کەوتوتە هەڕەشەکردن لە خەڵکی کوردستانی سوریا.

دەوڵەتی تورکیا کە خۆی پشتیوانی سەرەکی سیاسی- سەربازی و لۆجستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو، وە خۆی پشتیوانی سەرەکی گروپە چەکداریە تیرۆریستیەکانی "سوپای نیشتمانی سوری" و " هەیئەی تەحریری شام"ە ، شمشێری لەناوبردنی "تیرۆریستە کوردەکان" و "هەسەدە"ی هەڵکێشاوە! هەڕەشەی ناشتنی ئەو کەسانە دەکات کە دژی داعشی تیرۆریستی کۆنەدۆستی ئۆردوگان جەنگین و توانییان شکستیان پێبهێنن.

ئەم بانگەشەیەی ئۆردوگان و هێرشی سوپا و میلیشیا بەکرێگیراوەکانی بۆسەر کوردستانی سوریا بەبیانوی لەناوبردنی تیرۆر و هێزە جوداخوازەکانی سەر بەپەکەکە، لەکاتێکدایە کە سەرانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، لە ئۆردوگانەوە تا دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکەوە، بانگەشەی ئاشتی و برایەتی نێوان کورد و تورک دەکەن لە تورکیا. ئەم ملهوڕی و عەنتەریاتەی ئۆردوگان و ڕژێمە شۆڤێنیست- ئیسلامیەکەی دژی خەڵکی کوردستانی سوریا دەرخەری ئەوەیە کە بانگەشەی ئاشتی و برایەتیشیان لەگەڵ خەڵکی کوردزمانی تورکیا تەنها پیلانێکە بۆ ئارامکردنەوەی ناوماڵی خۆیان تا بەرگەی ئەو باهۆزە سیاسی و ئەمنی و سەربازیە بگرێت کە لەناوچەکەدا بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە هەڵیکردوە! بۆ ئەوەیە کە ڕێگابگرێ لە بەکارهێنانی کارتی پەکەکە لە ململانێ سیاسی و سەربازی و ئەمنیەکانی ناوچەکەدا لەلایەن نەیارە جیهانی و ناوچەییەکانیەوە. هاوکات دەرفەتی نزیکبوونەوەی نێوان هێزەکانی نزیک لە پەکەکە و ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی دژ بە ئۆردوگان لەناو جەهەپە و باقی هێزەکانی دیکەدا کەمبکاتەوە.

لە سەردەمێکدا کە مەنتقی هێز و ملهوڕی بووە بە سیاسەتی ڕاگەیەنراوی هێزە بۆرژواییە ئیمپریالیستی و لۆکاڵیەکان، ئیتر هیچ سەرپۆشێک پێویست نییە بۆئەوەی بۆرژوازی ماهیەتی درۆزنانەی دژە ئینسانی خۆی لەژێریدا بشارێتەوە! کوشتاری خەڵکی مەدەنی و منداڵ و ژن وەکو بەشێک لە سیاسەتی جەنگی و شکسیپێهنان و تەمێکردنی "دوژمن" و کاولکردنی ماڵوحاڵیان، باراندنی بۆمب و مووشەک بەسەر شارەکاندا، جلەوشلکردن بۆ گروپ و دەستەو تاقمی بەکرێگیراوی ئیسلامی و نەتەوەپەرست و بەردانیان بۆ گیانی خەڵکی بێدیفاع و مەدەنی بووەتە بەشێک لە ستراتیژی جەنگی بۆرژوازی لە دەورانێکدا کە هیچ بەهایەک بۆ ژیانی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش لە قاموسی سیاسی بۆرژوازی و دەسەڵاتە ڕەنگاوڕەنگەکانیدا نەماوەتەوە. لە دەورانێکدا کە قەیرانی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێتوانایی بۆرژوازی و سیستەمەکەی لە بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا پووچی هەموو ئیدیعاکانی بۆرژوازی دەربارەی مافی مرۆڤ و ئازادی و ئاشتی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی و سەروەربوونی یاسا نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ڕەوان نیشانداوە، لە سەردەمێکدا کە ئیسرائیل کوشتنی بەکۆمەڵی منداڵی فەلەستینی وەکو مافی بەرگریکردن لە خۆی دەگرێتەبەر و لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە پشتیوانی لێدەکرێ، ئەو دەرفەتەش بۆ فاشیستێکی وەکو ئۆردوگان ڕەخساوە کە هەڕەشەی کوشتاری خەڵکێک

بکات لەو دیو سنورەکانیەوە کە گوایە مەترسی بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی وولاتەکەی دروست دەکەن!

ئۆردوگان و دەسەلاتەکەی کە لە تورکیا سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردزمان پێشێل دەکات و بەبیانووی جۆراوجۆرەوە هەڵسوڕاوانی سیاسی و ئەندام پەرلەمانە کوردەکان و... دەستگیر و زیندانی دەکات، دەیەوێ ئەو دەرفەتەی لە کەوتنی بەشار ئەسەد بەدەستی هێناوە لەدژی هاولاتیانی کوردزمانی سوریاش بقۆزێتەوە، تا بالادەستی خۆی بەسەر ناوچەکەدا زمان بکات. بۆیە بانگەشە و پیلان و سیاسەتی جەنگخوازی تورکیا دژبە خەڵکی کوردستانی سوریا هیچ رەوایەتیەکی نییە و بیانووەکانی بۆ دژایەتی تیرۆر لەروانگەی ئێمە و بەشەریەتی ئازادیخواز و ئینساندۆستەوە مەحکومە. خەڵکی کوردستانی سوریا مافی خۆیانە بەرگری لە ماف و ئازادیەکان و بریاری سیاسی خۆیان بکەن دژی هەرجۆرە دەستدرێژییەکی تورکیا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا، کە هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا سەرکۆنە و مەحکوم دەکات، هاوکات بانگەوازی هێزە سیاسیە کرێکاری و کۆمۆنیستی و ئازادیخواز و مرۆڤدۆستەکانی ناوچەکە و جیهان دەکات لەپاڵ خەڵکی کوردستانی سوریادا راوەستن و لەدژی شەرفرۆشی و ملهوریەکانی دەوڵەت و سوپای تورکیا و میلیشیا ئیسلامیە بەکرێگیراوەکانی، بەتەواوی تواناوە راوەستن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٩/١/٢٠٢٥



# جیهانێک لە دژی مێ!

جەمال موحسین

نۆڤێمبەری ٢٠٢٤

**سەرنج: بەشی یەکەمی ئەم وتارەی جەمال موحسین لە ژمارە ٩٨ی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەردا بڵاوکراوەتەوە. فەرموون لەگەڵ بەشی دووەم**

توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێواز و جۆرەکانیدا، چ جەستەیی، سێکسی و دەروونی، پیسترین فۆرمی توندوتیژییە کە تەنها و تەنها لە سیستەمە چینایەتیەکان ئەوەشێتەوە هەروەکو دنیای ئێستا. سیستەمێک کە گێتییەک لە بۆگەناوی توندوتیژی دژی ژنانی خوڵقاندووە. هەربۆیەشە فەرهەنگی سوک تەماشاکردن و بێبایەخکردنی ژنانی رەواج پێداوە و بە کاڵاکردن وەک بوکەشووشە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژناندا کردۆتە مۆد و شتێکی باو و چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی تافهی بۆ داناوە کە هەر لە پارەی کەڵەکەکراوی هێزی کاری ژنان و پیاوان بەرێوەیان ئەبات. بۆیە باسکردن لە بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان لە فۆرمە جیاوازەکانیدا لەلایەن دامودەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و راپۆرتە فەرمیەکانی ئەو وڵاتانەوە کە ئەو جۆرە لە توندوتیژییان تێدایە گوێزێکی بێ کاکڵەیە و بەس.

کەواتە مادام کە سیستەمێک سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیە، مادام کە راپۆرتەکانی ئەو سیستەمەش دادی ژنان نادات و رێگەیەکی گونجاو بۆ کۆتاییهێنان بەو نەهامەتیانە نیشان نادات، ئەبێ خودی ئەو سیستەمەی کە سەرچاوە سەرەکیەکەیەتی هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێ. ئەم کارەش بە شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار ئەنجام ئەدرێ.

پێویستی گۆرانکاری راستەقینە لەوێوە سەرچاوە ئەگرێ کە سەراپای ئەم سیستەمە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک زەمینەی توندویتژی نامێنێ کە بناغەی چەوسانەوەی چینایەتی لەناوبچێ کە ئەوەش تەنها و تەنها لەرێگەی بەرپاکردنی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، شۆرشی کۆمۆنیستییەوە ئەکرێت کە تەواوی پایەی ئەم سیستەمەی ئێستا لە بناغەوە هەڵئەتەکێنێ. سیستەمێک دائەمەزرێنێ کە پێویستی بە جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان نییە، کە تیایدا چینێکی کارکردووی زۆرینەی بێماف و بێ ژیان و چینێکی خاوەنداری هەموو شتێک نییە. تەواوی کۆمەڵگە کارکردووانە و بەم پێیەش بەرهەمی کارکردنی کۆمەڵایەتی بۆ پێداویستی هەمووان و کۆمەڵگەیە. واتە سەرچاوەی توندوتیژی نامێنێ. دنیایەکی لەم چەشنە مومکین و پێویستە و او بەستەیە بە خەبات و تێکۆشانی رۆژانەی چینی کرێکارەوە کە زۆرینەن و نیوەی ئەم چینە کە ژنانە، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەم چینە. گۆرانکاری راستەقینە بۆ نەمانی توندوتیژی، نەمانی سەرچاوەکەیەتی کە سیستەمی سەرمایەداریە و ئەوە سۆشیالیزمە کە ئەتوانێ ئەم کارە بکات. خەباتکارانی رێگەی ریشەکێشکردنی توندوتیژی دژی ژنان، خەباتکارانی چینی کرێکارن بۆ سۆشیالیزم.

هێشتا پرسیاری گەورە ئەوەیە کە ئایا ژنان و کچانێک کە لاقە و

هەراسان ئەکرێن یان لەبەردەم هەڕەشەی ئەوەدان وە هێشتا خەباتی چینی زۆرینە نەگەیشتووە بەوەی تەواوی سیستم و کۆمەڵگە بگۆڕێ بە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی و ئازاد و یەکسان، ئەوان چی بکەن؟ ئایا دانیشن و لە چاوەڕوانی ئەوەدا بن کە ئەو شتە لە ئاسمانەوە بۆیان داباریێ؟! بێگومان نەخێر. خەباتی ڕۆژانە بۆ زیادکردنی قوتی منداڵان و کرێ و باشبژێوی، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و بەمجۆرەش نەهێشتنی توندوتیژی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان، چونکە سەرچاوەی کرێی کەم و بێخانەولانەیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان هەمان سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنان و نایەکسانکردنیانە و بەمجۆرەش سەرچاوەی نواندنی هەر جۆرە توندوتیژیەکی سێکسی و جەستەیی و دەروونیە لە دژیان. چۆن کرێکاران بە ژن و پیاوەوە خەبات ئەکەن بۆ زیادکردنی کرێ و دابینکردنی مەسکەن و پۆشاک و باقی پێداویستیەکانی تری ژیان، ئاوهاش ئەبێ و ئەتوانن فشارەکانیان زیادبکەن لە دژی توندوتیژی و هاوکات هەتا گۆڕینی ئەو یاسا و نەریتانەی کە بڕەو بە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەدەن. بەڵام ئایا ئەو کارە بە بڕیار و پێشنیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکرێ کە داوا لە وڵات و دەوڵەتەکان ئەکات پێوەرەکانی توندوتیژی کەمبکەنەوە و نەیهێڵن و گوایە هوشیاری لە کۆمەڵگەدا بەرز بکەنەوە، پارەیەکی زیاتر تەرخان بکەن لەپێناو جەنگان لە دژی توندوتیژیدا؟ بەڵام بۆی جێی پرسیار نییە ئەو ملیارەها دۆلار یان یۆرۆیە لە کوێوە هاتووە و وا بەشێکی گوایە پێویستە تەرخان بکرێ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی؟ خودی ئەو سیستەمە بەرکارەی سەرچاوەی توندوتیژیە بە هەموو جۆرەکانیەوە بە دەستلێنەدراوی ئەهێڵێتەوە. ئاخر هەر ئەو دەسەڵات و دەوڵەت و حکومەتانەی کە ناویان هاتووە یان نەهاتووە لەم ڕاپۆرتانەدا لەسەر بنەمای چەوسانەوە و بەشبەش کردن و پیادەکردنی شێوەکانی توندوتیژیەوە سەدان و بگرە هەزاران قاتی ئەو ملیار دۆلارەیان دەستئەکەوێ و کەڵەکەی ئەکەن، کە بڕیارە ئەگەر بە قسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، لەپێناو پلانەکانی دژی توندوتیژیدا بەکاریبهێنن! لە باشترین حاڵەتی پێشنیارەکانی ئەم دەزگایەدا ئەنجامی نادیە موردای لێئەکەوێتەوە کە یەکێکە لە قوربانیەکانی داعشی ئیسلامی کە کرایە سەبایا و کۆیلەی سێکسی، ئێستا خۆیان وتەنی وەک "ژنێکی ئازا" سەرپەرشتی پرۆژەیەک ئەکات کە قوربانیانی توندوتیژی (بەتایبەتی توندوتیژی سێکسی) لەباری دەروونیەوە ئەهێنێتەوە جێی خۆیان و بەهێزیان ئەکاتەوە. سەرباری ئەوەی خودی ئەو کارە باشە، بەڵام لێرەدا نە قسەیەک لەسەر ئەوەیە ئەم خوێنخۆرە ئیسلامیانە بۆچی و لە کوێوە و بە پارەی کێ هاتن و هەزارەهای وەک نادیەیان بەو چارەنوسە گەیاند. هاوکات قسەیەکیش لەسەر ئەو سیستەمە نییە کە لەژێر بیانوی جیاجیا هاوشێوەکانی داعش چ لە باری سیاسی و حکومەتی و دەوڵەتیەوە (بە نمونە تاڵیبان و کۆماری ئیسلامی ئێران و تەحریر ئەلشام و...هتد) و چ لەباری کۆمەڵایەتیەوە بەرئەداتە گیانی ژنان.

هەتا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا فشار لەسەر دەوڵەت و حکومەتەکان دابنرێ پلانی تۆکمە و پارە تەرخان بکەن بۆ بەرزکردنەوەی هوشیاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کارێکی باشە. بەڵام توندوتیژی بەوە بنبڕ ناکرێت، وەک باسکرا. پێویستە لەئاستی هەر وڵاتەدا و لەئاستی جیهانیشدا بزووتنەوەکانی یەکسانیخوازی ژنان و ڕادیکاڵ لە ڕیزێکی فراوان و پتەودا لەئاستی لۆکاڵی و نێونەتەوەییدا دژی پیاوسالاری و دەسەڵاتی پارێزەری بوەستنەوە. ڕێکخراوەکانی ژنان پێکبهێنن، کە بەشێوەیەکی میلیتانتانە (درانە) ڕووبەڕووی دەسەڵات و یاساکانیان، پیادەکەرانی توندوتیژی، ببنەوە. وە لەئاستی هەر وڵاتەدا ئەم خەباتە ڕێکخراوەییە پەیوەست بکەنەوە بە خەباتی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری و ئازادیەوە. سەرئەنجام ئەم خەباتە لۆکاڵیانە لە چەترێکی جیهانی و نێودەوڵەتیدا کۆبکرێنەوە کە هەر ئێستا لە مەیدانیدایە. بەمجۆرە خەباتێک لە بەرگریکارەوە بگۆڕێن بۆ هێرشبەر، هێرش بۆ سەر سیستمێک کە توندوتیژی دژی ژنانی لە هەموو فۆرمەکانیدا برەوپێداوە و لەم پێناوەشدا فەرهەنگ و یاسا و دەزگای داپڵۆسین و ئەدەب و هونەر و زیندانی بۆ پاراستنی خستۆتەکارەوە. ئێمە کۆمۆنیست و سۆشیالیست و یەکسانیخواز و ئازادیخوازەکان جەنگاوەرانی ئەم بەرە هێرشبەرەین.

★

**یەکسانیی تێکرای مافەکانی ژن و پیاو لە خێزاندا لە مەسەلەی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، کاروباری پەیوەست بە سەرپەرشتی و فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، بڕیاردان لە بارەی دارایی و ئابووری خێزانەوە و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوبەش. هەڵوەشاندنەوەی جێوشوێنی تایبەتی پیاو وەکو سەرپەرشتیاری خێزان لە هەموو یاساو ڕێساکاندا و دانانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەسەرپەرشتیکردنی کاروباری خێزاندا.**

# یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان سەردان و پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی تورکیا!



## نوری بەشیر

دوو هەفتەی رابردوو جارێکی تر میدیاکانی کوردستان، سەردانی ئەمینداری یەکگرتوی ئیسلامی سەلاحەدین بەهادینیان بۆ تورکیاو بینینی سەرانی حکومەتی ئۆردگانیان بڵاوکردەوە، لەمجۆرە سەردانانەو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرانی ئەک پارتی شتێکی نوێ نیە بۆ یەکگرتوی ئیسلامی و بەتایبەت سەلاحەدین بەهادین. ئەم حزبە ئیسلامیە ئەم پەیوەندیانەی نەشاردۆتەوەو بەردەوام لایەنگری جدی و هاوبیر و هاوهەڵوێستی بۆ ئۆردوگان و حزبەکەی دەبریوە، هەتا لەوکاتانەشدا کە ئۆردوگان گەورەترین سەرکوتی خەڵکی تورکیاو کوردەکانی تورکیای کردووە، سەلاحەدین و حزبەکەی لایەنگری ئەک پارتی کردووە کە سنورەکانی کوردستانی عێراق و سوریا و کوردستانی سوریایشی بریوەو کوشتاری خەڵکی مەدەنی کردووە، لەپاڵ حکومەتی تورکیادا وەستاون.

سەردانی یەکگرتوی ئیسلامی لە نیوەی دووەمی مانگی ١٢ی ساڵی پاردابووە، بەڵام لەم چەندرۆژەی هەفتەی یەکەمی ساڵی نوێدا، بەهەمانشێوە، شاسوار عبدولواحید لە نەوەی نوێ و مەسرور بارزانی لە پارتی، رێگای تورکیایان گرتەبەر. هاوکات میدیاکان هەواڵی لایەنگری و پەیوەندی سەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی (عیرفان عبدولعەزیزو مونیرە عبدولعەزیز) یان لەسەر پەیوەندیان بەجۆلانیەوەو پیاهەڵدان و لایەنگریان بۆ جۆلانی و حزبە ئیسلامیەکەی و پەیوەندی کۆنیان بڵاوکردەوە.

پەیوەندی و سەردانی ئەمجارەی حزبە ئیسلامی و ناسیونالیستەکان بۆ تورکیا، بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی ئێستای ناوچەکەوەو وەزعی سوریاو جیگاوڕێگای تورکیا لەئاڵوگۆڕەکانداو هەروەها پاشەکشەی ئێران و قەیرانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمدایە، کە حکومەتی تورکیا دەستپێشخەری کردووە، بۆئەوەی کاریگەری و نفوزی خۆی زیاتر بکات.

بۆهەمووان روونە کە پەیوەندی حزبە ئیسلامیەکان و ناسیونالیستەکانی کوردو لەسەرویانەوە؛ حزبەکانی بارزانی و تاڵەبانی، لەگەڵ حکومەتەکانی؛ تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، تەنیا پەیوەندی لە نێوان دوولایەنی یەکساندا نەبووە، بەڵکو خۆشخزمەتی و پێشلەشکری و نۆکەرایەتی بووە بۆ ئەو دەوڵەتانە. ئەگەر هەر حزبێکیش لەباوەشی ئەم حزبانەی کوردایەتی لە قەومی و ئیسلامی کە دەرزەنێکن، کەوتبنە خوارەوە، ئەوا هەمانکاری حزبەکانی دەسەڵاتیان کردوە.

ئەوەی لێرەدا باسی ئێمەیە دەورو جێگای حزبە ئیسلامیەکانە لەکوردستان بەگشتی و یەکگرتووی ئیسلامی بەتایبەتی وەک حزبێکی نزیک و شوێنی متمانەی ئۆردوگان.

هەموو حزبە ئیسلامیەکان بەجیا لەوەی لە ٣٤ ساڵی رابردوودا پاشکۆی سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد بوون، وە لەنێوان دوو زۆنی زەردو سەوزدا یاریان کردووە، بەردەوام پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتانی ئیسلامیدا لەچەشنی: تورکیا، ئیمارات، سعودیە، پاکستان و ئێراندا هەبووەو یاریان کردووە، هەروەها شەریکە بەشبوون لەدزی و گەندەڵی و کوشتارو راووڕووتی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت یەکگرتوی ئیسلامی سەرەڕای وەرگرتنی بودجەو شەریکە دزیی دەسەڵات، ئەوا لەو وڵاتانەش کۆمەکیان وەرگرتووە. ئەوەی جێگای باسە لەهەلومەجی ئێستادا تورکیا چی دەوێت لە یەکگرتوی ئیسلامی و یەکگرتوش بەشوێن چیەوەیە لە ئێستادا؟!

هەرچەندە یەکگرتوو هەموو کاتێک لەپاڵ تورکیادا راوەستاوە و پاکانەی تاوانەکانی لەدژی خەڵکی کورد بۆ کردوە، وە هیچ کاتێک دەستدرێژیەکانی بۆسەر شارو دێهاتەکانی کوردستانی عێراق و بگرە بۆسەر کوردستانی سوریا سەرکۆنە نەکردووەو دژی نەوەستاوەتەوە، بەیەک وشە دژی پاڵپشتی تورکیا بۆ داعش و دژی هاوڵاتیانی کوردی سوریا و بەتایبەتی شاری کۆبانی نارەزایەتی دەرنەبریوە، بەڵام ئێستا لەچوارچێوەی ئەو دۆخە سیاسیەی لە عێراقدا وەکو ئاکامی روخانی بەشار ئەسەد هاتۆتە پێشەوە، تورکیا ئەرکی تازەی بۆ یەکگرتوو داناوە.

لەم پەیوەندیەدا دەورو ئەرکی تازەی یەکگرتوو ئەوەیە کە تورکیا دەیەوێ بە سوود وەرگرتن لەو دۆخەی سوریا و جۆرێک لە باڵادەستی لە بڕیاری سیاسی سوریادا، لە کوردستانی عێراقیشدا جێپێی خۆی زیاتر قایم بکات و نفوزی خۆی بە سەر سەرجەم کوردستانی عێراقدا زاڵ بکات. ئەوەش لەرێگای هاوکاریکردنی پارتییەوە دەبێت لەلایەن هەریەکە لە یەکگرتوی ئیسلامی و هەروەها نەوەی نوێ وە کە سەرۆکەکەی

لەهەمانکاتدا و بۆهەمان مەبەست بانگێشتی تورکیا کرا و کۆبونەوەی لەگەڵدا سازدرا، ئەمەش لەپێناو ئەوەدا کە حکومەتێکی هەرێم دروست بکەن هەژمونی پارتی تیدا زامن بێت و یەکێتی لەژێر فشاردا دابنێن و ناچاری بکەن مل بە بە مەرجەکانی پارتی بدات کە راستەوخۆ لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی تورکیادا لەناوچەکەو عێراقدا هەنگاو دەنێت. بەوجۆرەش نفوزی ئێران بەسەر کوردستانی عێراقدا لەرێگای ملکەچکردنی یەکێتیەوە دەستەبەر بکەن.

هەر لەچوارچێوەی ئەو هەلومەرجەی لەناوچەکەدا هەیە، کەدەورانێکی ناجێگیرەو بەپێی هاوسەنگی هێز قابیلی ئاڵوگۆڕە، هەموو هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و حزبە ئیسلامی و قەومیەکان دەیانەوێ بەرژەوەندیە سیاسی و ستراتیژیەکانیان مسۆگەر بکەن و خۆیان بۆ بەئاکام گەیاندنی ئامادە دەکەن. بەوجۆرە دەیانەوێ لەلایەکەوە ئەو دەسەلاتەی ئێستا هەیانە بیپارێزن و بەهێزی بکەن و لە ئایندەشدا نەخشی سیاسی خۆیان کاریگەرتر بکەن. یەکگرتووی ئیسلامیش وەکو هێزێکی بۆرژوازی، لەرێگای سوودوەرگرتن لە هەژمونی تورکیاوە دەیەوێ دەستێکی لە دەسەلاتی هەرێم گیر بێت و بەشی خۆی لە داهات و دەسەلاتی هەرێمدا دەست بکەوێ. پروپاگەندەکانی یەکگرتوو بۆ پاکانەکردنی کۆبوونەوەی ئەمیندارەکەی لەگەڵ بەرپرسانی رژێمی فاشیست و شۆڤینیستی ئیسلامی تورکیا و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئاک پارتی و حکومەتی ئۆردوگاندا بەکارهێنانی پەیوەندیەکانیانە لەگەڵ تورکیا لە بەرژەوەندی چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق و چارەسەری کێشەکانی تورکیا لەگەڵ هەسەدە! بەلام ئەم پروپاگەندەیەی یەکگرتوو تەنها بۆ خۆلکردنە چاوی ئەندامانی و لایەنگرانی خۆی و خەڵکی کوردستانی عێراقە تاکو وەکو خزمەتکار و بەکرێگیراوی رژێمێکی کۆنەپەرست و فاشیست و شۆڤێنیستی وەکو تورکیا ناوزەدیان نەکەن و نەفرەتیان نەکەن. دەنا کام مرۆڤی هوشیار هەیە کە نەزانێ لە قاموسی سیاسی رژێمی تورکیاو دەسەلاتی ئاک پارتیدا شتێک نیە بەناوی مافی خەڵکی کورد و چارەسەری پرسی کورد!؟ لەوەش واوەتر هەر ئومێدو خواستێکی خەڵکی کوردزمانی ناوچەکە بە تیرۆریزم و پیلانگێری بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی وێنا دەکەن و بەهەموو توانایانەوە هەوڵی سەرکوتکردن بێدەنگکردن و لەناوبردنی دەدەن. دەبێ خەڵکی کوردستان ئەم خۆشخزمەتیەی یەکگرتوو بۆ رژێمی فاشیستی تورکیا قبوڵ نەکەن.

☆

## لە بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە:

# سڕینەوە ستەمی نەتەوەیی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێدەکۆشێ لەپێناو سڕینەوەی تەواوی هەرجۆرە ستەمێکی نەتەوەیی و هەرجۆرە جیاکاریەک لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی لە یاساکانی وولات و کارکردەکانی دەوڵەتدا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ناسنامەی نەتەوەیی، دەمارگیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بە بیروباوەڕ و مەیلێکی زۆر دواکەوتوو، تێکدەر و ناکۆک لەگەڵ پیرۆزیی ئینسان و ئازادی و یەکسانیی ئینسانەکاندا دەزانێ و لیبراوانە لە دژی هەرجۆرە دابەشکردنێکی نەتەوەیی دانیشتووانی وولات و هەرجۆرە پێناسەکردنێکی شوناسی نەتەوەیی بۆ خەڵکی، دەوەستێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری دامەزراندنی نیزامێکە کە تیایدا دانیشتوانی وولات بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە یان هەستی ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان، ئەندامانی خاوەن مافی یەکسانی کۆمەڵگا بن و هیچ جۆرە جیاکاریەک چ بە پۆزەتیڤ و چ نەگەتیڤ لە بەرامبەر خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکاندا پیادە نەکرێت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێکۆشان لەپێناو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جێگرتنەوەی بە ناسنامەی چینایەتی و ئینسانیی گشتی و جیهانیی کرێکاران بەئەرکێکی بنەڕەتیی خۆی دەزانێ.

وەکو پرەنسیپێکی گشتی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی وولاتیی گەورەتردا کە رێکخستنی ریزی بەهێز و توانای کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکان پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی وولاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕ دەردەسەر کردووە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەرێگەی گەرانەوەی راستەوخۆ بۆ رای خودی ئەو خەڵکە، بەرەسمی دەناسێ.

☆

## له بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە:

# مەسەلەی کورد

بە ڕەچاوکردنی؛ پێشینەی دووروودرێژی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کورد لە هەموو وولاتانی ناوچەکەدا، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی و دانی مۆری ئەتنیکی و نەتەوەیی جیاواز لە ناوچەوانی دانیشتوانی عێراق، پراکتیزەکردنی جیاکاری نەتەوەیی و ئەتنیکی دەرهەق بە دانیشتوانی غەیری عەرەب زمان کە هۆکاری دابەشکردنی دانیشتووانە لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی و ئەتنیکی، کردنی ئەم جیاکاریە بە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی قەوارەی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەم وڵاتە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراق هەستی نەتەوەییان دنەداوە و ئاگری ڕق و کینە و پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئەتنیکیان خۆشکردووە و سەرکوتی خوێناوی خواستی ڕەوای جەماوەری کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەدەست ستەمی نەتەوەییان پیادەکردوە، ئەمە و ململانێیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و جەنگیان لەبەرانبەر بزووتنەوە ئۆتۆنۆمی خوازەکانی کوردستانی عێراقدا، کینە و قڵشتی نەتەوەییان کردوەتە یەکێک لە سیما دزێوەکانی کۆمەڵگای عێراق. لە پاش جەنگ و داگیرکاریی عێراق و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعسیش، نەخشەکانی ئەمریکا و بۆرژوازی عێراق بۆ سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای دابەشکاریی نەتەوەیی، ئەتنیکی و دینی، قەڵەشت و ڕکەبەری نەتەوەییان لە عێراقدا قوڵترکردوەتەوە. لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا پێکەوەژیانی ئاسودە و دوور لە دەردەسەری خەڵکی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا سەخت و دژوار بووە.

کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی قەومی-ئیسلامی ئیستای عێراق و هاتنەسەرکاری دەوڵەتێک کە دوور لە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی بە چاوێکی ئازاد و یەکسان تەماشای هەموو دانیشتوان بکات، دەتوانێ کۆتایی بەم کێشە و دووبەرەکیە بهێنێت. بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری کە ئەلتەرناتیڤی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە، بەشێوەیەکی ڕیشەیی ئەو کێشەیەش چارەسەردەکات. لەهەمانکاتدا تا کاتێک ئەم هەلومەرج و کێشەیە بەردەوام بێت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری خەبات دەکات بۆ چارەسەری ئەم گرفت و کێشەیە لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتیەوە و هەروەها لە دژی هەرجۆرە هەنگاوێکی توندوتیژ و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەڵبژاردنە ئازادانەیە دەوەستێتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تیدەکۆشیت بۆ یەکلاییکردنەوەی دەستبەجێی ئەم مەسەلەیە و دەرکێشانی خەڵکی عێراق و کوردستان لەژێرباری ڕکەبەری نەتەوەیی لەڕێگەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق لەژێر چاودێری دامودەزگا ڕەسمیە نێونەتەوەییەکاندا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەڵاڵە جۆاوجۆرەکانی فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتەڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕوولەپێش نازانێت بەئاقاری چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، بەڵکو ئەمانە بە گەڵاڵەیەک دادەنێ بۆ هەتاهەتاییکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو غەیرە کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ ئەبەدیکردن و شەرعییەتدان بە جیابوونەوە نەتەوەییەکان و زەمینەسازی بۆ درێژەپێدانی دژایەتی و کێشمەکێشە نەتەوەییەکان لە ئایندەدا.

هەروەها حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە دژی هەر چەشنە هەوڵێکی کۆنەپەرستانە بۆ جیاکردنەوە و بەگژیەکداکردنی دانیشتوانی کوردزمان و باقی دانیشتوانی کوردستان و عیراق ڕادەوەستێ و خەبات دەکات لەپێناو دورخستنەوەی جەماوەری کوردستان لە ململانێ و کێبەرکێی کۆنەپەرستانەی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی کوردستانەوە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، وەیان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیەکان پیادە بکرێت، لەڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت.

★

**چارەسەری عادیلانەی پرسی کورد وەکو یەکێک لە کێشە میللییە چارەسەرنەکراوەکانی ناوچەکە، بەندە بە بەرەسمی ناسینی مافی بڕیاردان لەسەر جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان مانەوە بەمافی یەکسانی هاوڵاتیەوە لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردی لێدەژی!**